www.kurdistannet.org
13-6-2003 22:31

# ووشەی دوای ژێر چەترێك

شیعری"حەمە شوان شەریف

ئەم جارەیان
یەکمان بینی
لەدورەوە هەناسەمان ئەڕژێنینە
نێوبارانی بێدەنگیەوە.
ئەم جارەیان....
گۆرانی یەک بـــــــا
سەمامان بێت...
خەمێک..........
بـــــــــا لەیەکترمان نزیککاتەوە.
دڵێـــــــک بـــــــالەیەکترمان بگەیەنێت .
دڵێک
لێوان لێوو لە هەراسانی
بۆ منێ بەگومان ژیابم و بەهارم دۆڕاندبێ بە بەپایزی ساڵەوەرز .
..............................................
لەکوێی ئەی ئاسمانی ئەو ئەستێرەی
قیامەتێکە بۆت دەگەڕم!،
هەناسەی ئێوارانم و
پیاسەی نیوەڕوانم . تـــــۆ ببینە
گەڵاوەریوەکانی دڵم
دوولەپی پەنجەزەرد هەڵگەڕاوی جگەرەداگیرسانم
چاوەکزەکانی ئێستام
تێک شکانی پیاڵەی لەشم بەگەرمی هەناسەی زووت،،..
کچۆ... نەهاتی ڕۆحیانەتم ڕاوەشێنیت،
گوێگرە کچۆ...
خـــــــۆرێک نیە ســــــــــێبەر دڵی نەبردبێ
بۆ زویربوون........................!.
کچۆ نیە دڵ و چاوی
لەگیرفانی کوڕێک دا ئارەقەی نەکردبێ.
دڵی من دڵێک نیە بیریچێتەوە
هەناسەی ژێر ئەوچەترەیی پێکەوە لەنیوەڕۆیەکا
بەرەوماڵی ماڵێک چووین..
لەوێ ووتمان
بارانێکە لەو بارانەی من بیری تۆم دەکر و تۆ بیری من
بەرلەوەی چەترەکەت بنوشتێنیتەوە

حەزم وایەبلێم!
بارانەکە منی تەڕکرد !
لەژێرئەوچەترەدا ماچێکم داوالێنەکردی
لەو ماڵەچۆڵەشدا نەڕژامە جۆگەلەکانی لەشتەوە،
فەر مووم نەکرد، برژێتە تەنیایمەمەوە
. کچێ بۆ، هەموو ئەو ناسکیەت، ئازارم خوارد
ئاخ . . ئەو ووشەیە چی بوو نەمان توانی بیدرکێنن
لەژێر ئەو چەترە نەعلەتیا
چەترەکە لادە با بارانەکە تەو تەڕمکا
با بەسەر پیاوەتیمدا بچەمێمەوە وبیرێ لەووشەکەبکەمەوە
دوای عەیامێک بیرکردنەوە. . . . .
هەنوکەش چەند ووشەیەکی جوانە خۆشەیستی
کچـــــــــــــــــــــــــــــــێ!.
ئەم جارەیان یەکمان بینی
نەک وەک لاولاو
وەک گڵ ورەگ گوڵێک لەماچ، دەپەیڤێنین
لەژێر هەمان چەترا
ماڵێک پرلەووشەی بەبێتکا بەسەر باڵای بارانێکا ئەرژێنین.
ووتم ماڵئاوا، ،
ووتی هەروازوو. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . !!!!!!!!!!!! ووتم. . . . . . . . . . . . . زویر مە
. من ڕۆیشتم. . . . . . . . . . . . . . . .
. ماڵ
ئا
وا. . . پایزی 2003